www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

# ئەنفال دەرهاویشتەی رەگەزپەرستی و تۆتالیتاریزم و کۆمەڵگەی داخراوە

دکتۆر جەبار قادر

ئەنفال لە بیری گشتی کوردا هاوواتای قڕکردن و تەفکوژییە. ئەنفال کۆدێکی سەربازییە بۆ ئەو زنجیرە شاڵاوە بەرفراوانە کە سوپای عیراق لە نێوان ۲۳ شوبات و ٦ ئەیلولی ساڵی ۱۹۸۸ لە دژی کوردی ئەنجامی دان لەو ناوچانەی لە لایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە بە ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیاندرابوون. ژمارەی شاڵاوەکانی ئەنفال هەشت بوون و دەڤەرێکی فراوانیان گرتەوەو ئاکامەکانی لە سەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی و کولتووری گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لە ڕادەبەدەر سامناك و ترسناك بوون و ئازار و شوێنەوارەکانی زیندوون و برینەکانی بە ئاسانی سارێژ نابنەوە و یادەوەرییەکانی وەکو کارەساتێکی نەتەوەیی و کردەوەیەکی بێ بەزییانە دەبێ هەمیشە بە زیندوویی ڕابگیرڕێن.

پێموایە هێشتا نەمانتوانیوە لەم کارەساتە وەکو زوربەی کارەساتەکانی تری مێژووی دوور و نزیکمان بە شێوەیەکی زانستیانە و هەمە لایەنە بکۆڵینەوە. هەروەها نەمانتوانیوە بیکەین بە سەرمایەك و کارتێکی گرنگ لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و بەکاری بێنین لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانماندا و سزادان و ڕوورەشکردنی دوژمنە سەرسەختەکانمان کە بەو کردەوانەیان تاوانیان لە دژی سەرجەم مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.

لێکدانەوەی هەمەلایەنەی شاڵاوەکانی ئەنفال کارێکی پێویستە نەك تەنها بۆ یادکردنەوە لەم کارەساتە سامناکە، بەڵکو گرنگییەکی زانستی و تەنانەت سیاسیشی بۆ ئێستا و دوا ڕۆژی دۆز و نەتەوەی کورد هەیە.

ئەم باسە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی سەرەکی تەرخان کراوە، ئەویش ئەوەیە چۆن کردەوەیەکی بەو ئەندازەیە سامناك و ڕەشەکوژییەکی بەربلاوی وەکو ئەنفال لە کۆتایی سەدەی بیستەمیندا توانی ڕوو بدات ؟ هەڵبەتە گەلێ پرسیاری تر لەو پرسیارە سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرن، وەکو : دەبێ ئەو دید و بۆچوونە فکری و سیاسییانە چی بن کە زەمینەیان بۆ ئەنجامدانی ئەنفال خۆش کرد ؟ ئەو هێزانەی ڕەشەکوژی ئەنفالیان جێ بە جێکرد چۆن پەروەردە کران و گەیشتنە ئەو بارە دەروونیە کە بەو خوێن ساردییە ئەو هەموو مرۆڤە قەلاچۆ بکەن ؟ ئایە ئەنفال کردەوەیەکی جینۆسایدە ؟ ڕۆڵی کۆمەڵگەی داخراو و تۆقێنراو لە بەرهەمهێنانی ئەنفالدا چی بوو ؟ ئایە ڕۆڵی مۆدێرنیتە لە ئاسانکردنی ئەنجامدانی کردەوەی ئەنفالدا چی بووە؟. هەڵبەتە لێرەدا ناتوانین وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بە دوور و درێژی بدەینەوە، ئەگەر نووسەری ئەم باسە توانیبێتی تیشکێ بخاتە سەر خاڵە سەرەکییەکانیان، ئەوا ئەم باسە ئەرکی خۆی بەجێهێناوە. هەموو ئەو پرسیارانە پەیوەندییان بە ئەوی دییەوە هەیە واتە ئەوەی کە ئەنفالی ئەنجامداوە. کەوابوو من لێرەدا خۆم لە باسی باری سیاسی و سەربازی بزاڤی کورد و هەموو ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە شەری ئێران و عیراق و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەیە دەبویرم، کە بۆ خۆیان پرسگەلێکی گرنگن و پێویستە بە قووڵی لێیان بکۆڵرێتەوە و پەندیان لێوەربگیردرێ.

لە ڕێگەی لێکدانەوەی هەندێ لە پرسە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە لە عیراق، کە بەعس نموونە هەرە توندڕەوە ڕەگەزپەرستەکەیەتی بە تایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە هەڵوێستی ئەو ناسیۆنالیزمەوە هەیە بەرامبەر بە دۆزی کورد و مافە نەتەوەییەکانی و، پرۆسەی تەسکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عیراقدا، کە یەکێك لە خەسڵەتە هەرە زەقەکانی ژیانی سیاسی دەوڵەتی عیراقە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بە باڵادەستکردنی کەمینەی سونێ عەرەبی و دەستگرتنی بە سەر هەموو پۆستە گرنگ و گرێ هەستیارەکانی دەسەڵاتدا لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بە تایبەتی لە سوپا و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دەزگا تایبەتییەکاندا تاوەکو گەیشتە کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتی سیاسی لە هۆزێك و بنەماڵەیەکدا کە سەدام حوسێن لە ترۆپکەکەیدا پاڵی لێداوەتەوە، هەوڵدەدەم ئەو بارە بخەمە ڕوو کە ئەنفال تێیدا ڕوویداوە. وەکو هەموو دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری کەمینەی دوور لە خواستی زوربەی هەرە زۆری دانیشتوان دەبوایە لە پێناوی مانەوە و دەستگرتن بە سەر هەموو داهات و بەرهەمی عیراقدا پەنا بباتە بەر توندترین شێوازی سەرکوتکردن و سەپاندنی سیستەمی ترس و تۆقاندن بە سەر کۆمەڵگەدا. کەش و هەوای ترس و تۆقاندن و چاندنی گومان و بێ باوەڕی لە نێو دانیشتواندا ئەو کەش و هەوایە بوو کە کۆمەڵگەیەکی داخراو و نەخۆشی هێنایە کایەوە و لە سێبەریدا کردەوەی ئەنفال جێ بە جێ کرا بێ ئەوەی کۆمەڵگە بوێرێ هیچ کاردانەوەیەکی هەبێ. دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت کە لە کاتی بەعسدا گەیشتە هەموو کونجێکی وڵاتی کوردان و هەموو ئەو توانا دارایی و سەربازی و تۆڕە بەربلاوەی ڕێکخستنی حیزبی و سیخوڕی و چەگداری کرێگرتە و

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

ڕێکخراوەی بە نێو جەماوەری .... . تاد و فرۆکە و تانك و چەکی کیمیاوی ئەو ئامێرانە بوون کە بە هۆی مۆدێرنیتەوە گەیشتبوونە عیراق و ئەنجامدانی ڕەشەکوژیی ئەنفالیان بۆ ڕژێم ئاسان کرد. کولتووری توند و تیژیی لە مێژووی هاوچەرخی عیراقدا و بەتایبەتی لە ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ دیاردەیەکی بالادەستە و هەموو لایەنە سیاسییەکان بێ جیاوازی بەشدارییان لە پەرەسەندنیدا کردووە. بەعس لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر دەستی بە خوێنی نەیارە سیاسییەکانی سورە و لەو کاتەوە دەسەلاتی گرتۆتە دەست هەموو سنوورێکی بەزاند و هێزێکی کوێری وای هێنایە کایەوە کە کردەوەی لە جۆری ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و وێرانکردنی کوردستانی ئەنجامدا.

*****

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستیی لە پرسێك بکۆڵرێتەوە پێویستی بە ڕێکەوتن لە سەر زاراوە و دیاریکردنی چوارچێوەکان هەیە. دەبێ پێناسەیەکمان بۆ کردەوەی ئەنفال هەبێ کە هەموو لە سەری ڕێك بکەوین. ئایە ئەنفال ( (ئۆپەراسیۆن) ) یێکی سەربازی بوو وەکو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی عیراق بۆ چەواشەکردنی بیر ورای گشتی بانگەشەیان بۆ دەکرد و هەوڵیان دەدا وەکو ئۆپراسیۆنێك لە دژی ئێران و بە وتەی خۆیان ( (دەست و پێوەندەکانی لە باکوری وڵات) ) پیشانی بدەن ؟ یا کردەوەیەکی ڕەشەکوژی کوردان بوو لە ژێر چەتری بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ دوژمنی دەرەوەدا؟.

مخابن زاراوەی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفال، کە بە وتەی نووسەری عیراقی فالح عبدالجبار زۆر بێگوناە و بێلایەنە و قەت بۆ پێناسەکردنی دایکی تاوانەکان ناگونجێ و لە جێگەی خۆیدا نیە، بە خشکەیی خزاوەتە نێو زمانی میدیا و لێکۆڵینەوە و گوتاری سیاسی کوردەوە. هەر ئەو نووسەرە بە خۆی داوامان لێدەکا لە جێگەی ئەو دەستواژەیە هیچ نەبێ نێوێکی تر لە کارەساتی ئەنفال بنێین کە دڕندەیی و هۆڤێتی کردەوەکە بخاتە ڕوو وەکو قەلاچۆکردن، قەسابخانەکانی ئەنفال، ڕەشەکوژی، قڕکردن، ڕەشە ئەنفال یا ئەنفالە غەمگینەکان (١) .

پێموایە بۆ کورد ئەنفال کارەساتێکی نەتەوەیی بوو کە کردەوەکانی ڕەشەکوژی، قەلاچۆ و تالان کردن، بە کۆیلەکردنی ژن و منداڵ و پیاوی کورد و تێکدان و وێرانکردنی کوردستان سەردێڕ و لاپەرە ترسناکەکانی بوون. بۆیەکا لە جێگەی خۆیدایە یەکێ لەو دەستەواژانە بەکار بێنین و دەست لە بەکارهێنانی زاراوەی ئۆپراسیۆن ( (عملیات) ) هەڵبگرین.

پرسێکی تری گرنگی دیاریکردنی پێناسە و چوارچێوەی باس و بەکارهێنانی دەستەواژە پرسی پەیوەندی ئەنفالە بە چەمکی جینۆسایدەوە. لێکدانەوەی کردەوەی ئەنفال لە بەر ڕۆشنایی قانونی نێودەوڵەتی کاری قانووناسانە، بۆیەکا من لێرەدا ئەوەندە ئاماژەی پێدکەم کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەم باسەوە هەیە و ئەو پەیوەندییە ڕوون دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ یەکەمین جار ڕافائیل لێمکین ( (Raphael Lemkin لە کۆنفرانسێکدا لە مەدرید وشەی جینۆسایدی بەکارهێناوەو لە نوسینیشدا هەر لە لایەن ئەو نوسەرەوە لە لە ساڵی ١٩٤٤ . هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێش ئەوەی لێمکین ئەم وشەیە بەکاربێنێ کردەوەی جینۆساید لە ئارادا نەبووە. بە درێژایی مێژوو مرۆڤ مرۆڤی کوشتوە و ئەشکەنجەی داوە و کردوویەتی بە کۆیلە. لە سەدەی بیستەمیندا و بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا پێداویستی بۆ پێناسەکردن و نێولێنانی ڕەشەکوژییەکانی کاتی ئەو شەڕە بە توندی هاتە کایەوە. کە واتا ئەمە دەستەواژەییەکی نوێ بوو بۆ پێناسەکردنی کردەوەگەلێك کە سەدان جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە.

ئەم زاراوەیە لە دوو وشە پێکهاتووە کە یەکەمیان ( (genos یۆنانیە و واتای ڕەگەز یا هۆز دەگەیەنێ و دووەمیش ( (cide وشەیەکی لاتینیە و واتای کوشتن، فەوتاندن دەگەیەنێ. بە لێکدانی هەردوو وشەکە واتە جینۆساید ( (قەلاچۆکردنی گەلێك یا گروپێکی ئەتنیکی) ) دەگەیەنێ (٢) .

لە بەر ڕۆشنایی هەموو ئەو پێوەر و پێوانانەی لە ( (پەماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاریی جینۆساید) ) دا هاتوون، کە لە ٩ دیسەمبەری ١٩٤٨ لە لایەن جڤاتی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو بڕیارێکی تایبەتی لە ژێر ژمارە (260 A) بلاوکرایەوە، دەتوانین ئەنفال بە کردەوەیەکی جینۆساید پێناسە بکەین. مادەە دووی ئەو پەیماننامەیە بەم شێوەیە باس لە جینۆساید دەکا ( (لەم پەیماننامەدا جینۆساید هەموو ئەم کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی لە نێوبردنی تەواوی یا بەشێك لە گروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزیی یا ئایینیی ئەنجام دەدرێن:

a. کوشتنی ئەندامانی گروپەکە

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

b. گەیاندنی زیانی گیانی یا رۆحی ترسناك بە ئەندامانی گرووپەکە.

c. بە مەبەست دانانی ئەندامانی گرووپەکە لە ژێر بار و دۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یا تەواوی ئەندامەکانی.

**Four**. پێشگرتن بە زاو زێکردن لە نێو گرووپەکەدا.

**Five**. بە زۆر دابرانی منداڵان و گواستنەوەیان لەو گرووپەوە بۆ گرووپێکی تر) (٣)

حکومەتی عیراق و دەزگا فەرمییەکانی هەموو ئەو تاوانانەی لەو ماددەیەدا هاتوون لە کاتی ئەنفالەکاندا لە دژی کورد ئەنجامداوە. بەر لە ئەنفالەکان و دوای ئەوەش گەلێ تاوانی تریان لە دژی گەلی کورد ئەنجامداوە وەکو سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و بەعەرەبکردن و ڕاگوێزانی زۆرەملێ و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هەڵتەکاندنی بنخانی ئابووری و ...تاد کە دەچنە خانەی جۆرەکانی جینۆسایدەوە وەکو ئیتنۆ ساید – جینۆسایدی کولتوری یا کولتور کوژی و پیسکردنی ژینگە و گەلێ جۆری تر.

زوربەی ئەوانەی لە ئەنفال کۆڵیونەتەوە لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەنفالەکان کردەوەیەکی جینۆسایدە و تەنانەت دەزگایەکی مافی مرۆڤی بە نێوبانگ وەکو Middle East Wach - A Division of Human Rights Watchنێونیشانی جینۆسایدی هەڵبژارد بۆ ئەو کتێبەی کە لە سەر شاڵاوەکانی ئەنفال لە سەر بناغەی لێکۆڵینەوە لە بەڵگە ڕەسمییەکانی دەوڵەتی عیراق ئەنجامی دابوو و بلاوی کردەوە. (٤)

هەروەها شێواز و میتۆدی ئەنجامدانی ئەنفال بە پێناسە و دەیاریکردنی ئەو گرووپەی کە بریار بوو لە نێوبریێ لە ڕێگەی سەرژمێری ١٩٨٧ و شێوازی کۆکردنەوە و گواستنەوەی قوربانیانی ئەنفال و دابرینیان لە کۆمەڵگە و جیهان و لە داواییدا لە نێوبردنیان بەو شێوەیەی ئەنجام درا ئەوە دەردەخا کە ئەمە کردەوەیەکی نەخشە بۆکێشراو بوو و دەقا و دەق یەکدەگرێتەوە لە گەڵ پێناسەکەی راول هیلبێرگدا لە بارەی جینۆسایدی جولەکەکانەوە لە کاتی شەری دووەمی جیهانیدا لە سەر دەستی نازییەکانی ئەڵمانیا (٥) تاوەکو ئێستا و دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بە سەر ئەنفالدا و هەموو شکستەکانی رژێم و هەڵهاتنی سەدان ئەفسەر و کاربەدەستی باڵای عیراق، زانیارییەکانمان لە سەر ئەو کارەساتە و چارەنووسی قوربانیەکان ئەوەندە هەژارن ناتوانین وێنەیەکی ڕوونی ئەو کارەساتە بکێشین.

هەندێ جار لێرە و لەوێ نووسەری وا پەیدا دەبن کە پێیان وایە ئەنفالەکان ناچنە خانەی کردەوەی جینۆسایدەوە. تەنها پاکانەشیان ئەوەیە کە گوایە بەڵگەی فەرمی عیراقی وایان لە بەر دەستدا نیە کە ئەوە پشت ڕاست بکاتەوە کە حکومەتی عیراق خەریکی پلان و نەخشەکێشانی لە نێوبردنی هەموو گەلی کورد بووە لە عیراق (٦) . بەلای هەندێ نووسەری ڕەگەزپەرستی عەرەبەوە (وەکو سەلیم مەتەر) ئەمە هەولێکە بۆ هۆلۆکۆست کردنی دۆزی کورد لە عیراقدا.

لەم سەردەمەدا لە نێوبردنی گەلێکی ٤ – ٥ ملیۆنی ئەوەندە کارێکی ئاسان نیە کە بە یەك هەڵمەت ئەنجام بدرێ و پێویستی بە پلان و نەخشەی جۆرا و جۆر هەیە کە لە باری ئاساییدا ڕەنگێ دەیان ساڵ بکێشێ و لە کاتی شەر و ئاژاوەشدا لە توانای هیچ دەوڵەتێکدا نیە چەندێ دەزگا و چەك و ئامێری مۆدێرنی لە بەردەستدا بێ بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا و بێ ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لێ ئاگادار بێتەوە ئەنجامی بدا. ئەوەی گومانی لێ ناکرێ ئەوەیە کە حکومەتی عیراق نیەتێکی لەو جۆرەی هەبووە و کردەوەکانی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی و بێ سەر و شوێنکردنی سەدان هەزار مرۆڤ و پەیرەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و پرۆسەی بەعەرەبکردنی کورد تەوەر و لاپەرە سەرەکییەکانی ئەو پلانە ترسناکەن.

لە بەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکردن و، بە لەبەر چاوگرتنی پێناسە نوێیەکان، بە تایبەتی دوای ڕووداوەکانی بۆسنە–هێرزەگۆفینا، کەمبۆدیا، ڕواندا، تەیموری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ و، سامناکیی کردەوەکە و فراوانی ئەو ناوچانەی وەبەری کەوتن و ژمارەی ئەو کەسانەی کە بوونەتە قوربانی و شێوازی نەخشە بۆ کێشان و جێ بە جێکردنی هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵنەوە کە شاڵاوەکانی ئەنفال کردەوەی جینۆسایدە و پێویستە بەو شێوەیە چاوی لێ بکرێ و لێی بکۆڵێرێتەوە و من لەم باسەدا لەو ئاستە مامەڵەی لە تەکدا دەکەم.

*****

بیر و بۆچوونی توندڕە و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیی ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە زەمینە خۆشکردندا بۆ ئەنجامدانی ئەنفال. ڕەنگێ لێرەدا پێویستی بەوە نەبێ زۆر خۆمان بە بۆچوون و لێکدانەوەی ڕابەرانی بیری نەتەوەیی عەرەبی یەوە خەریك بکەین، چونکە هەموو ئەوانەی

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

لێرەدا ئامادەن لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا رۆژانە لە سێبەری رەشی ئەو دیدو بۆچوونانە ژیانیان بە سەر بردووە و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و ئاگاداری وردەکارییەکانین.

باوەڕ ناکەم لێرەدا ئەوەندەی پەیوەندی بەم باسەوە هەیە لێکدانەوەی بۆچوونەکانی ساتیع وحوسەری و میشێل عەفلەق و ناجی مەعروف و هاوبیرەکانیان لەم ٤٠ ساڵەی دواییدا شتێکی نوێ بخاتە سەر ئەوەی تاوەکو ئێستا لەم بارەیەوە نووسراوە، بۆیەکا بەرهەمی ئەو بۆچوونانە لەم دوو وتە کورت و پر واتایە لە مەر هەڵوێستی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە دۆز و مافی نەتەوەیی کورد کۆ دەکەینەوە. یەکەمیان ئەوەی رابەرێکی خوێنەواری حیزبی بەعس و کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ تالیب شەبیبە کە دەڵێ ( (ئەستەمە هەڵوێستی رێبازی نەتەوەیی عەرەب بە گشتی و هەڵوێستی بەعس بە تایبەتی بەرامبەر بە دۆزی کورد تێبگەین. تێگەیشتنی گشتیمان لە سەر کورد ئەوە بوو کە گەلێکن هاتوونەتە خاکی عەرەب و بوونەتە میوان لە نیشتمانەکەیدا) ) (٧) هەرچەندە تالیب شبیب لە کۆتایی ژیانیدا لەوە گەیشتوە !! کە ئەو بۆچوونە راست نیە و نابێ سەیری کورد وەکو ئەرمەن و تورك و ئەو گروپانەی تر بکرێ کە بە هۆی شەر و ئاژاوە و چەوسانەوەی نەتەوەی و ئاینی عوسمانیەوە رایان کردووە و پەنایان هێناوەتە بەر عیراق و لەم بارەیەوە دەڵێ (کورد گەلێکی رەسەنە لە سەر ئەم خاکە وبەر لە ئۆسمانیەکان بە دەمێکی زۆر لەم ناوچەیە ژیاوە، تەنانەت پێش هەندێ لە شۆپۆڵەکانی کۆچکردنی عەرەب بۆ ئەم ولاتە کورد هەر لە سەر ئەم خاکە ژیاوە) ) (٨) . هەڵبەتە ئەم وتانەی تاڵیب شەبیب لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا هیچیان لە رەوتی کارەساتەکان نەگۆری.

وتەی دووەمیش هی بەرپرسیاری یەکەمی کارەسات و نەهامەتەکانی گەلی کوردە واتا سەددام حوسێن کە لە ( (بەهاری کورتی ئۆتۆنۆمیدا !!) ) و لە دوای رێکەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ دا بە رۆژنامەی (لۆمۆند) ی فەرەنسی راگەیاندبوو. لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری ئەو رۆژنامەیەدا کە لێی پرسی بوو (ئایە ئێوە گەلی کورد بە بەشێك لە نەتەوەی عەرەب دادەنێن ؟ سەددام دەڵێ : عیراق لە سەر نەخشەی ولاتانی عەرەبییە. ئێمە دژی ئەوە نین کە کەمینەی نەتەوەیی (٩) لە ولاتانی عەرەبیدا بژین، بەلام ئێمە ئەگەر خاکیان بۆ دابین بکەین ئەوا جیا دەبنەوە بۆیە ئێمە رێگە بەوە نادەین ..... و حکومەتی عیراق و حیزبی بەعس ئۆتۆنۆمیان بە خەڵك داوە نەك بە خاك) (١٠) .

ئەم دوو وتەیە تا ئەندازەیەکی زۆر هەڵوێستی ناسیۆنالیستانی عەرەب لە هەبوون و دۆز و داخوازییەکانی کورد دیاری دەکەن. جینۆسایدی کوردیش لە ناوەرۆك و لە بنەمادا بەرنامە و سیاسەت و ئایدیۆلۆجی ناسیونالیزمی توندرەو و رەگەزپەرستە.

پێموایە یەکێ لە گرێ کوێرەکانی پەیوەندی کورد و ناسیۆنالیستانی عەرەب لە سەر ئاستی سیاسیدا لەو جودابیەی دید و بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ. کورد خۆی نەك هەر بە خاوەن ماڵ دەزانێ، کە هەموو راستییەکانی مێژوو و جوگرافیا ئەو تێزە پشت راست دەکەنەوە، بەڵکو خۆی لە عەرەب زۆر بە کۆنتر دادەنێ لەو ولاتەی کە ئەورۆ بە عیراق نێودەبرێ. لە بەرامبەر ئەوەدا ناسیۆنالیستانی عەرەب بە ئاشکرا و بەپێچەوانەی هەموو ئەو فاکتانەوە دەیانەوێ پلەی میوان بەسەر کوردا بسەپێنن و زۆر جار ئەوەش ناشارنەوە کە بزاڤی سیاسی کورد دەبێ لە خزمەت خواست و هیوا بالاکانی نەتەوەی عەرەبدا بێ و هەر کاتێ ئەو بزاڤە بووە هۆی مەترسی لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێتی خاکی عەرەب ئەوا بۆ خۆیان بە رەوای دەزانن بە توندی سەرکوتی بکەن و هەوڵی لە نێوبردنی بدەن. لە وتاری سیاسی عەرەبیدا لەم نیو سەدەیەی دواییدا ئەم بۆچوونانە ئەوەندە دووپات کراونەتەوە و باسیان لێوە کراوە رەنگێ پێویست بەلگە هێنانەوەی زۆر نەکات (١١) .

لێرەوە سیاسەتی بندەستکردن دەست پێدەکا کاتێ زۆرینەیەکی نەتەوەیی خۆی بە زیاتر لە کەمینە نەتەوەییەکان دەزانێ و بە مافی خۆی دەزانێ دەست بە سەر جوگرافیاکەیاندا بگرێ و بونیاد و تایبەتمەندییەکانیان دەسکاری بکا و رێگەی دەستنیشان کردنی مافی چارە نووسینیان لێبگرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندی کەمینە بۆ ئەوەی خۆی لە بەرامبەر ئەم شاڵاوەدا بپارێزێ. ئەم کاردانەوەیە زۆر جار دەگاتە ئاستی بەیەکدادان و شەر و شور.

یەکێ لە دیاردە سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی توندرەوی نەتەوەی سەردەست ئەوەیە کە ئایدیۆلۆجیای بندەستکردن لە سەردەمی شکستی سیاسی و داتەپینی ئابوری و کۆمەڵایەتیدا دێتە ئاراوە. ئەم ئایدیۆلۆجیا هەوڵدەدا خۆی بکا بە چوارچێوەیەك بۆ لێکدانەوە و روونکردنەوەی هۆیەکانی شکستی نەتەوەیی و کێشانی وێنەیەکی گەشی رابردووی نەتەوە وەکو پردێك بۆ پەرینەوە بۆ داهاتوویەکی پر

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

لە بەختەوەری و کامەرانی کە دەبێ باری ناهەمواری ئێستای نەتەوە بسرێتەوە. ئەم دید و بۆچوونە ناسیۆنالیزمیە هەوڵدەدا دەسەڵاتی بێ سنووری زۆرینە نەتەوەیی بسەپێنێ و کولتور و زمانی بکا بە کولتوری باو. ئەم ئایدیۆلۆجیایە پێی وایە هەموو ئەمانە مافی ئەوەی دەدەنێ پێ بە خاوەن هەموو دەسەڵاتێك. یەکێ لە دیاردە هەر زەقەکانی ئەم جۆرە ئایدیۆلۆجیانە دەسکاری کردنی مێژووە بۆ شەرعیەت دان بە باڵا دەستی خۆی بەوەی ئەو خاوەن پاشخانێکی مێژوویی دوور و درێژ و پر لە شانازییە. ڕەنگیێ کەم کەس هەبێ ئاگاداری ئەوە نەبێ کە بەعس چۆن مێژووی کۆن و نوێی عیراقی سەر و بن کرد لە ژێر دروشمی درۆیەکی زلدا بە نێوی ( (سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو) ) .
ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی توندرەو وسەردەست هەمیشە لە مێژوودا دەگەرێ بۆ پاکانە کردن بۆ تێزەکانی خۆی و پۆلێن کردنی ڕووداوە مێژووییەکان بۆ بژار کردن و سەپاندنی دید و بۆچوونی وەك کردنی هەبوونی مێژووی دوور و درێژی نەتەوەی سەردەست وەکو بژاردەیەکی باڵادەست بە ڕاستییەکی مێژوویی گومان لێنەکراو و گرێکدانی مێژوویی ئەم هەبوونە بە دەڤەرێکی جوگرافی فراوانەوە کە ئایدیۆلۆجیا وێنەیان بۆ دەکێشێ بۆ سەلماندنی باڵادەستیی نەتەوەی سەردەست و مافی دەستگرتن بە سەر مەودای جوگرافی کەمینە نەتەوەییەکان و پاکانەکردن بۆ هەڵوێستی درندانەی بەرامبەریان. هەروەها ئەو ئایدیۆلۆجیایە هەوڵدەدا لە سەر بناغەی بژاردەی ڕووداوە مێژووییەکان وێنەی چوارچێوەیەکی مێژوویی بۆ ڕۆڵێکی بەرچاو و دیار و پێشرەوانەی نەتەوەی باڵادەست بکێشێ و لە کۆتاییشدا هەوڵدەدا ئەو دوو مەبەستە بە سەر باری ئێستا و داهاتوودا بەزۆر بسەپێنێ.
ئەم ئایدیۆلۆجیا نەتەوەییە هەمیشە لە سەر حیسابی مێژوو ئەنجام دەدرێ. چونکە بۆچوونی بژاردە و پۆلینکردنی چەواشەی ڕووداوە مێژووییەکان ئایدیۆلۆجیا ناچار دەکا بە باری ئێستا قایل نەبێ. بۆ ئەو ئەم بارە بەرهەمی ئەو مێژووە نیە کە ئەو دەیەوێ و لە جێگەی ئەودا جیهان بینییەکی دی بەسەردا دەسەپێنێ کە دەبێ ئایدیۆلۆجیا وێنەی بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو لە سەر بناغەی بکێشێ. بۆیەکا ئایدۆلۆجیای نەتەوەی سەردەست بارێکی دابراوە لە ئێستا و لە مێژووش لە سەر سێ ئاست : ئەو دەیەوێ ڕەوتی مێژوو بگۆرێ و لە سەر ئەو هێڵە دایبنێ کە لە گەڵ دید و بۆچوون و جیهانبینیەکەیدا دەگونجێ، و هەروەها هەوڵی وێرانکردنی ئێستا دەدا بەهەموو هەبوون و بونیادەکانێوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا نموونەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسی وا بسەپێنێ کە ئەو خەونی پێوە دەبینێ. بەڵام دیالێکتیکی بزاڤی نێوخۆیی سروشتیی کۆمەڵگە نایجولێنێ و کۆنترۆلی ناکا بەڵکو ئەوەی کە ئایدیۆلۆجیا بیری لێدەکاتەوە و بە هێزی دەوڵەت دەیسەپێنێ.
دەوڵەتیش کە بریتییە لە سەرخانێکی سیاسی و دەسەڵاتی و لە بونیادی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێ و پێیەوە گرێدراوە چ لە بواری بونیادیدا کە ئەو فاکتەرانە دەگرێتە خۆی کە کۆمەڵگە دروست دەکەن و چ لە بواری ئەرك و ئەمانجەکانیدا کە دەبێ وەڵامی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەو فاکتەرانە بداتەوە. لۆژیکی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی توندرەو ئەم دیالێکتیکە سەر و ژوور دەکەنەوە چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی بەلای ئەوەوە بەرهەمی مێژوویی کۆمەڵایەتی نیە بەڵکو بەرهەمێکی سەرخانیی ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی لە واقیعدا بەرجەستە دەکا. ئەو دەوڵەتەش کە ئەم ئایدیۆلۆجیایە بە بەرهەمی دێنێ دەوڵەتێکە لە گەڵ ئایدیۆلۆجیادا تێکهەڵکێش کراوە و دەسەڵاتێکی مەرکەزی توندی دەوێ کە نابێ کەس هاوبەشیی تێدا بکا و ڕێگە بەکەس نادا و بە ئەرکی خۆیشی نازانێ کار و باری ئەو کۆمەڵگەیە بەرێوە ببات کە دەسەڵاتی تێدا گرتۆتە ئەستۆ بەڵکو خۆی بە ئامێری جێ بە جێ کەری ئایدیۆلۆجیا دەزانێ کە دەبێ گۆرانەکان بە زۆر لە دامەزراوە و زهنیەتەکاندا بێنێتە کایەوە بەو شێوەی کە لە گەڵ بناغەکانی ئیدیۆلۆجیادا دەگونجێن. لێرەوە دەوڵەت وەکو فاکتەرێکی گۆرانی کۆمەڵکە دێتە کایەوە چونکە ئەو بونیادێکی هاوتەریب نیە، بەڵکو سیستەمێکە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نوێ لە سەر بناغەی تێکدانی کۆمەڵگە کۆنەکە دەدا و دروشمەکانی ئاوەدان کردنەوە و بنیاتنانەوەی سەر لەنوێی مرۆڤ و نیشتمان و یەکێتی نەتەوە، کە ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی بەرزیان دەکاتەوە، تەنها هەولێکە بۆ شاردنەوەی پرۆسەی بەزور یەکخستنی کۆمەڵگە لە سەر حیسابی کەمینەی زۆرلێکراو و بۆ گەیشتن بە بونیادێکی نەتەوەیی هاودەنگ و یەك ڕەنگ لە کۆتاییدا.
لێرەوە ئەو ناکۆکییە لە نێوان دەوڵەتی نەتەوەیی مەرکەزی و کۆمەڵگەی فرەرەنگدا پەیدا دەبێ. زۆربەی نەتەوەیی کە ئایدیۆلۆجیایەکی ڕەگەزپەرستی دەیجولێنێ و دەیەوێ مەودای جوگرافی کەمینە هەڵلوشێنێ و بونیادی کۆمەڵگە تێکداو و بیگۆرێ لە بواری کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە گۆر خواستەکانی نەتەوەی سەردەست و دوور لە هەموو نمونەیەکی تر کە لە هەمان جوگرافیادا لە ئارادیە سازی بکاتەوە. بۆیەکا کۆمەڵگەی دابراو و پەراوێزکراو کە فرێ دەدرێتە دەرەوەی قەوارە و چوارچێوەکەوە دەبێتە هێزێکی بەرگری بۆ چاو خشاندنەوە بە باری دەوڵەتدا کە وەکو تەنها ڕێگە دەیبینێ بۆ ئەوەی لەو دابراوییە ڕزگاری بێ. حیزبی بەعس بەرجەستەترین

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

نمونەی ئەو جۆرە ئایدیۆلۆجیایە و ئەو رژێمەی لە عیراق سازی کردووە درندەترین مۆدێلی رژێمەکانی ئایدیۆلۆجیای توندرەوی نەتەوەی سەردەستە.

بەو شێوە پێکدادان دەست پێدەکا و دەوڵەت هەوڵدەدا کەمینە بسرێتەوە و ئەویش لە بەرامبەر ئەوەدا هەوڵی پاراستنی هەبوونی خۆی و جوگرافیەکەی دەدا. (١٢)

پیویستە بۆ بنەما و زەمینەی فکریی دۆزەخەکانی ئەنفال لەو دید و بۆچوونانەدا بگەرێین کە ئایدیۆلۆجیای بەعس پێکدێنن.

لێکدانەوە و وردبوونەوە لە مێژووی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عیراقدا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لە دەسپێکی دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقدا هەڵگرانی ئەو دید و بۆچوونە کەمینەیەکی بەرتەسك بوون و هیچ کاریگەرییان لە سەر رەوتی رووداوە سیاسییەکانی عیراق نەبوو. تا کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکان ئەو بیرە تەنها لە نێو ئەندامانی یانەی موسەنا (نادی المپنی) باو بوو کە هەمان پاشخانی فیکری ئەفسەرە نەسیۆنالیستەکانیان هەبوو. لە دەرەوەی ئەو یانەیە و ئەفسەرانی ناسیۆنالیستی عەرەب دوای ئەو سالأنەش بە ماوەیەکی زۆر ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی توندرەو هیچ جەماوەرییەکی نەبوو. لە دوای شەری دووەمی جیهانییەوە و بە تایبەتی دوای شکستی عەرەب لە فەلەستین دوو شێوازی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە شێوەیەکی بەرچاو سەرهەڵدەدەن، یەکەمیان ئەوەی بە ناسیۆنالیزمی لە (خوارەوەرا) نێودەبرێ و تاوەکو نێوەراستی شەستەکان بەردەوامە و جۆری دووەمیشیان ئەوەیە کە ئەنفال وەبەرهەم دێنێ و ناسیۆنالیزمی (لە سەرەوەرا) یە، کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەسەپێنرێ و بۆ خزمەتکردن و پاکانەکردن و شەرعیەت دان بە سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و لە لایەن ئەوانەوە بەکاردەهێنرێ و لە ئەنجامدا هەموو کونجە پچوکەکانی کۆمەڵگە داگیر دەکا و هەڵیدەلوشێنێ (١٣) .

یەکێ لە دیاردە خراپەکانی بزاڤی ناسیۆنالیستیی عەرەبی ئەوە بوو کە نموونەکانی نازی ئەڵمانی و فاشی ئیتالیایان کرد بە مۆدێل بۆ خۆیان. لە بەر چەند هۆیەك کە بەلای رابەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەبەوە باری دابەشبوون و پارچە پارچەبوونی نەتەوەی عەرەب وەکو گەلانی ئیتالیا و ئەڵمانیای پێش یەکێتی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بوو. هەر وەکو مۆدیلە ئەڵمانییەکە کە دەیوت گەلی ئەڵمان یەك رەگەزە و دابەش بووە بە سەر چەند دەوڵەتێکدا و ئەمەش کارەساتێکی مێژووییە و تەنها چارەش یەکگرتنەوەی ئەم دەوڵەتانەیە بۆ نوێنەرایەتی کردنی گەلی ئەڵمان و بەرجەستەکردنی مێژوویەکی هاوبەش، رابەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیش هەمان دروشمیان بەرزکردەوە. بۆیەکا جێگەی سەرسورمان نیە کە بیر و بۆچوونەکانی هایدیگەر و فیختە کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر ساتیع ولحوسەری بە ئاشکرا وهەندێ شاراوەتر لە سەر میشێل عەفلەق و لایەنگرانی بەجێ هێشتووە. (١٤)

ئەم ناسیۆنالیزمە کە لە سەرەوەرا دەسەلأتی گرتە دەست و لە ژێر باندۆری شکستیی نەتەوەیی عەرەبیدا لە ساڵی ١٩٦٧ کەوتە هەوڵی کێشانی ئەو وێنەیەی کە لە سەرەوە باسمان لێوە کرد و کوردی وەکو یەکێك لە هۆ سەرەکییەکانی ئەو شکستە لە قەڵەم دا، بە تایبەتی لە عیراقدا، کە بە لێکدانەوە ی ئەو رێگەی لە دەوڵەتی عیراق گرتووە ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ بێنێ و شکستی عەرەب بە سەرکەوتن بگۆرێ. ئێستاش ئەگەر سەیری گوتاری ناسیۆنالیستانی عەرەبی بە تایبەتی ئەوانەی کە عیراقی نین گوێت لەم بالۆریە دەبێ و زاراوەی ( (ئیسرائیلی دووەم) ) لە سەر دەروازەی رۆژهەلأتی نیشتمانی عەرەبیدا باشترین بەرجەستەی ئەم دید و بۆچوونەیە. لە ژێر ئەو دروشمانەدا رژێمی عیراقی کەوتە گیان کورد و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوەی دا ملکەچی خواستەکانی بن و بە باری کۆیەلەیی قایل بن و لە پێناوی خواستە بالأکانی نەتەوەی عەرەبدا لە گۆر دید و بۆچوونەکانی خۆی هەڵس و کەوت بکەن، ئەگینا دەبێ روو بە رووی قرکردن و جینۆساید ببنەوە. ئەم جیهانبینییەی ناسیۆنالیزمی توندرەوی عەرەبی زەمینەی فکری و کەش و هەوای ئەنجامدانی ئەنفالی خۆش کرد.

پێموایە ئێستاش ئەو ناسیۆنالیزمە توندرەوەی کە بەعس نوێنەرایەتی دەکا لایەنگرێکی زۆری لە عیراقدا نیە ولە گەڵ هەموو هەوڵەکانیدا ئەو حیزبە نەیتوانی ئەو دیدو بۆچوونە بکا بە دیدی هەموو عەرەبی عیراق و دوژمنایەتی بەرامبەر بە کورد بکا بە دیدێکی گشتیی لە نێو دانیشتوانی عەرەبی عیراقدا.

پێموایە ئەو هەموو کارەسات وماڵوێرانییەی رژێم بە سەر گەلی عەرەبی عیراقیدا هێنای چ لە کاتی شەری ئێران و عیراقدا و چ شکستەکەی لە کاتی شەری دووەمی کەنداودا لە ساڵی ١٩٩١ سەرباری هەژاری و برسێتی و تۆقاندن ئەوەندەی تر ئەو ئایدیۆلۆجییە

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

توندرەوەی بێزاند و خەڵكی لێ بێ هیوا كرد. هەڵبەتە هەندێ ئەفسەر و سیاتسەتمەداری عەرەب بە تایبەتی سونی كە لە لایەن دەوڵەتانی عەرەبیەوە پشتگیریان لێدەكریێ هێشتا دەست بەرداری ئەو دید و بۆچوونە توند ڕەوە نەبوونە.

هەرو بەوەشەوە گرێدراو ناسیۆنالیستانی عەرەبی عیراقی لە چەمكی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەدا (Nation-State) نموونە هەرە زۆردار و دژوارەكەیان كردە ئامانج بۆ خۆیان كە بریتی بوو لە نموونەی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمانی و دەوڵەتی تاك نەتەوەی فەرەنسا. لە جێگەی ئەوەی هەوڵەكانیان ئاراستەی ئەوە بكەن كە گروپە جیاوازەكانی خەڵكی عیراق، كە بە وتەی شای عیراق فەیسەڵی یەكەم بریتی بوون لە كۆمەڵێ گروپی جیاواز و پەرش و بڵاو و ناكۆك كە هیچ شتێك پێكەوەیانی گرێ نەدەدا، لە چوارچێوەی گەلێكدا، یا نەتەوەیەكدا بە واتا ئەوروپیەكەی، بە شێوەیەكی دیموكراتیانە لە سەر بنەماكانی دەوڵەتی قانون و مافی مرۆڤ و بەشداری كردنی هەموو گەلانی عیراق لە ژیانی سیاسی و ئابوری و كۆمەلأیەتی و پاراستنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەكانی خۆیان و دامەزراندنی كۆمەڵگەی مەدەنیدا كۆبكەنەوە و برەو بەم پرۆسەیە بدەن و دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزرێنن، مۆدێلی دەوڵەتی تاك نەتەوە (یونیتێر) یان، كە زۆر جیاوازە لە گەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا، كرد بەو مۆدێلەی كە كاریان بۆ كرد. هەڵبەتە ئەم دەوڵەتە لە گۆر دید و بۆچوونەكانیان دەبوایە دەوڵەتی تاك نەتەوە و یەك زمان و كولتور و تەنانەت یەك جیهانبیش بوایە. ئەوەی ئاشكرایە زوربەی سیاسەتمەدارانی عیراق لە نیوەی یەكەمی سەدەی رابردوودا و بگرە بۆ ماوەیەكی زۆر دوای ئەوەش لە ژێر باندۆری كولتوری سیاسی ئۆسمانی و ئیتیحاد و تەرەقیدا بوون و مۆدێلی كۆماری ستەمكاری یونیتێری مستەفا كەمالیان بەو نموونەیە دەزانی كە هەوڵیان دەدا دەوڵەتی عیراقی لە چەشن ساز بكەن. لەو دید و بۆچوونانەوە كەوتنە گیان گەلان و گروپە ناعەرەبەكانی عیراق و سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و توانەوە و بە زۆر بە عەرەب كردن و سەپاندنی زمان و كولتوری عەرەبی بە سەریاندا دەستی پێكرد. كورد وەكو گەلێكی بە ژمارە زۆر و خاوەن مێژوو و كولتورێكی دێرین و تایبەتمەند و كەلەپورێكی دەوڵەمەندی خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی بەم بارە قایل نەبوو و كاردانەوەی توندی لە دژی چەوسانەوە و پەراوێزكردن پیشاندا و لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی زنجیرە سەرهەڵدانێكی بەرپا كرد كە بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق بەردەوام بوو.

حیزبی بەعس ترۆپكی ئەو ناسیۆنالیزمە توندرەوەیە كە پرۆژەی دەوڵەتی یەك نەتەوە و یەك زمان و یەك پارت و یەك سەركردە لە كەلەی دا و، سكشتی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧ دا و، تێكشكانی پلان و هەوڵەكانی بۆ كۆیلەكردنی گەلی كورد بزاڤەكەی و، شكستە یەك لە دوای یەكەكانی لە پرۆژەی سازكردنی ئەو جیهانەدا كە وێنەی بۆ دوا رۆژی نەتەوەی عەرەبی تێدا كێشابوو، بۆیە كوردی كرد بە قۆچی قوربانی و پێی وابوو قركردنی كورد كارێكە لە توانایدایە و ئامانجێكی ئاسانە بۆ ئەوەی تۆڵەی شكستەكانی لێ بكاتەوە و بە هۆی سەرەكی ئەو شكستانانەی پێناسە بكات.

ئەم بابەتە پێویستی بە لێكۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەنە هەیە بۆ ئەوەی هەموو لایەنەكانی بە شێوەیەكی زانستیانە روون بكرێنەوە و بخرێنە بەردەم بیر و رای گشتی كە مخاین لە چوارچێوەی ئەم باسەدا جێگەیان نابێتەوە.

*******

بۆ ئەوەی كردەوەیەك لە جۆری ئەنفال بەو بەربلاوییە ئەنجام بدرێ، دەوڵەت پێویستی بە سوپایەكی مرۆڤكوژ هەبوو كە ئامادە بێ ئەو كردەوەیە ئەنجام بدا. ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە. یەكەمیان پەیوەندی بە خودی مرۆڤكوژانەوە هەیە كە دەبێ بە شێوەیەك پەروەردە كرابێتن كە لە بەرامبەر هیچ تاوان و كردەوەیەكدا نەسڵەمێنەوە. بۆ ئەمەش رژێمی بەعس لە دەزگاكانی ئاسایش و سوپا و هێزی تایبەتیدا ژمارەیەكی زۆری مرۆڤكوژی پێگەیاندووە كە ئامادەن ئەو هەرچیان لێ داوا بكا ئەنجامی بدەن. لە میانی دامەزراندنی یەكەمین گروپی ئاسایشی بەعسدا لە دوای كودەتای ١٧ تەمموزی ١٩٦٨ و بە لە بەرچاوگرتنی ئەزموون و شكستی دەسەڵاتی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٦٣ دا وێنەی داهاتووی كار و چالاكی هەموو دەزگاكانی دەوڵەتی عیراق دەبینین. سەعدون شاكر لەو بارەیەوە دەگێرێتەوە و دەڵێ سەددام حوسێن، كە خۆی بووبوو بە بەرپرسیاری ئەو دەزگا نوێیە چونكە ئەزموونی لە لێكۆڵینەوە و ئەشكەنجەدانی نەیارانی بەعسدا لە ساڵی ١٩٦٣ پەیدا كردبوو، و لە بەر ناحەزیی نێوی ئاسایش (ئەمن) لە لای خەڵكی عیراق نێوێكی بێگوناه و بێلایەن لەو دەزگا ترسناكە نرا ئەویش ( (نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەكانی) ) بوو، داوای لێكردووە دە كەسی بۆ پەیدا بكا ئەوەندە گوێرایەڵ بن ئەگەر داوای لێكردن سەعدوون شاكر بە خۆی لە نێوببەن ئامادە بن ئەو كارە بێ یەك و دوو ئەنجام بدەن. لە سەر ئەو بناغەیە كۆمەڵێ

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

شەلاتی و شەقاوە وەکو سەمیر شێخلی، سەعدون شاکر، نازم گزار، جەبار کوردی و عبدالوهاب کریم و سامر تکریتی ...تاد هەڵبژێردران. چارەنووسی ئەمانە هەرچەندە هەندێك پلە و پایەی بەرزیان لە باڵەخانەی رژێمدا بەدەستهێنا، تەنانەت گاڵتەجاری گەیشتە ئەو پلەیە کە شەلاتییەکی وەکو سەمیر شێخلی بکرێ بە وەزیری فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی!!، بەڵام لە کۆتاییدا زووربەی هەر زۆریان هەر بەدەست پیاوانی رژێم و ئەو دەزگا نهێنیانە لە نێوبران دوای ئەوەی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردران بەجێیان هێنان و ئاگاداری زۆر کەین و بەین و تاوانەکانی رژێم بوون و مانەوەیان دەبووە بە مایەی نیگەرانی بۆ ئەڵقە تەسکەکەی دەسەڵات (١٥)

ئەم شێوازی رێکخستنە بوو بە نموونە و مۆدێل بۆ هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی عیراق بەتایبەتی ئەوانەی ئاسایش و سوپا و هێزە تایبەتییەکان. لە دواییدا ئەم شێوازە هەموو دەزگاکانی دەوڵەتی عیراقی گرتەوە بە قوتابخانە و زانکۆکانیشەوە، بۆیەکا ئەفسەری ئاسایش بوو بە یەکێ لە دیاردە زەقەکانی هەموو دەزگایەك لەو وڵاتەدا.

ئەوە هێزی تایبەتە کە هەمیشە کردەوەی رەشەکوژی ئەنجامدەدا. ئەو هێزانە بۆ ئەو جۆرە کار و کردەوانە بە شێوەیەك ئامادە دەکرێن کە ئەنجامدان و بەجێهێنانیان وەکو ئەرکێکی پیرۆز دەبینن. لەم جۆرە هێزانەدا هەموو هەستێکی مرۆڤانی وەکو هاوسۆزی و هاودەردی وبەزەیی بە خەسڵەتی لاواز و بێباوەری هەڵگرانی لێکدەدرێنەوە، بۆیە دەبێ ئەندامانی ئەو جۆرە هێز و سوپایانە تا دەتوانن دڵرەقی بنوێنن و بێبەزەیی بن و جانەوارنە هەڵس و کەوت بکەن و دەبێ بێ یەك و دوو داخوازی سەرکردەکانیان نەك تەنها جێ بە جێ بکەن، بەڵکو وەکو پەیامێکی پیرۆزیش سەیریان بکەن و ئامادە بن لەو رێگەدا خۆیان بەخت بکەن. ئەندامانی ئەم هێزانە گروپێکی هاوبەش پێکدێنن و پەیمان و برایەتی خوێن پێکەوە گریاندەدا و لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا هاوبەش دەبن و ئەو هەستە زیاتر پێکەوەیان گرێ دەدا (١٦) .

ژمارە و جۆرەکانی ئەو هێزە تایبەتیانەی رژێم لە ماوەی نزیکەی سی و چوار ساڵی فەرمانرەواییدا بۆ ئەنجامدانی رەشەکوژی ئامادەی کردوون لە هەژماردن نایەن. لێ لە گەڵ ئەو هەموو هێزەشدا کردەوەیەکی بەربلاوی وەکو ئەنفال بە بێ پاڵپشتی کردنی کۆمەڵانی بەربلاو تری کۆمەڵگا، وەکو هێزەکانی سوپای بە نێو میللی و فەوجەکانی بە نێو بەرگری نیشتمانی و مەفرەزە تایبەتییەکان.... تاد لە توانادا نەدەبوو شالاوەکانی ئەنفال ئەنجام بدرێن (١٧) ، هەندێ لەم هێزانەی دوایی ئەندامەکانیان لە باری ئاسایدا مرۆڤی ئاسایی و کارمەند و باژێرڤانن. ئەمەش لایەنی هەرە ترسناك و سامناکی کردەوەی رەشەکوژی و جینۆسایدە کاتێ بە دەیان هەزار مرۆڤ لە دەرەوەی هێزە تایبەتیەکان و دوور لە خواستی خۆیان دەخزێنرێنە نێو کەوانەی تاوانکارییەوە (١٨) .

جینۆساید هاوتا و خەسڵەتی رژێمی تۆتالیتارییە. تەنها لە سێبەری رژێمی دیکتاتۆری و توندرەودا، کە تۆوی رق و کینە لە نێو کۆمەڵگەدا دەچێنێ، کردەوەی تەڤکوژی دەتوانێ روو بدا. ئەو رژێمەی رەشەکوژی بەرێ دەخا هەمیشە تۆتالیتارە و باری گوێ رایەڵیی کوێرانە و ملکەچی و دیسپلین بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ. هێزی پۆلیس و ئاسایشی ترسناکی لە بەر دەستدایە و ترسی ئەو هێزانە کۆمەڵگە سڕ دەکا. خەڵك پێشەکی ئامادە دەکرێ بۆ کردەوەی جینۆساید، ئەگەر پشتگیریشی لێ نەکا ئەوا ناتوانێ هیچ کاردانەوەیەکی لە دژی هەبێ، بۆیەکا هەڵوێستی گوێ نەدان و تەماشا کردن و دەست بە کڵاوگرتنەوە هەڵدەبژێرێ و تەنها دەیەوێ خۆی لە گێچەڵی دەوڵەت بەدوور بگرێ.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی داخرا و سڕکراو هیچ کاتێ لە سێبەری کۆمەڵگەی کراوە و مەدەنی و ئازاد و دیموکراسیدا دەرفەت بۆ رەشەکوژی هەڵناکەوێ (١٩) .

کردەوەی جینۆساید وەکو باوە بە نهێنی ئەنجام دەدرێ. مرۆڤ کوژەکان هەموو هەوڵێ دەدەن بۆ ئەوەی بە دزییەوە جێ بە جێی بکەن و ترسکاری و تۆقاندن بەکار دێنن بۆ ئەوەی نهێنییەکان بپارێزن. ئەگەر کۆمەڵگە بگاتە ئەو بارەی نەوێرێ بپرسێ ئەوانەی ون دەبن بۆ کوێ دەبرێن و چییان بەسەردێ، ئەو کاتە ئەنجامدانی کاری جینۆساید ئاسان دەبێ. خۆشبەختانە و بە پێچەوانەی خواست و ئارەزوی مرۆڤ کوژانە قەت کردەوەی جینۆساید بە نهێنی نامێنێتەوە، چونکە کردەوەیەکی بەو ئەندازەیە بەربلاوە ژمارەیەکی زۆر کەس بەشداری لە ئەنجامدانیدا دەکەن و باس و خواسەکانی بە رێگە و شێوازی جیاواز دەگەنە بەر گوێی خەڵك (٢٠) .

هەروەها ئەنجامدانی کردەوەی رەشەکوژی لە هەر کۆمەڵگەیەدا پەیوەندی بە کولتوری توند و تیژییەوە هەیە. پیلان لە دژی یەك و هەوڵی لە نێوبردنی یەکدی لە نێو خودی حیزبی بەعس و دەزگاکانی دەوڵەتی عیراق و هەڵمەتەکانی پاکردنەوەی ریزەکانی حیزب و سوپا و دەزگاکانی ئاسایش و دەزگا تایبەتییەکاندا بە درێژایی فەرمانرەوایی ئەو حیزبە بوونە هۆی لە قەڵاچۆکردن و لە نێوبردنی دەیان

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

هەزارکەس لە عیراقدا. شالاوەکانی رژێم و کردەوەکانی تیرۆری دەوڵەت لە دژی هێزە سیاسییەکانی عیراق کە هەموو توێژ و چین و گرووپێکی لەو ولاتەدا گرتەوە. سەدان هەزار مرۆڤ بوون بە خۆراکی ئەو کردەوانە. کولتوری توند و تیژی لە دەوڵەتی عیراقدا پێشینەی هەیە و بەتایبەتی لە ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی دەسەند. لە کوشتنی بنەماڵەی شای عیراق فەیسەڵی دووەم و عەبدولئیلاهی خاڵی و نوری سەعیدەوە بگرە تا دەگاتە دادگاییەکانی (دادگای شۆرش) بە سەرۆکایەتی فازڵ مەهداوی، و هەوڵی کوشتنی عەبدولکەریم قاسم، و رووداوە خوێناوییەکانی مووسڵ و کەرکوك و، رەشەکوژیی کودەتاچییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ و شەڕی بەردەوامی دەوڵەت لە دژی گەلی کورد کە دژوارترین شێوازەکانی توند و تیژیان تێدا بەکاردەهێنرا لە کوشتن و برین و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان و تالان کردنەوە بگرە تا دەگەیشتە بۆردومانکردنی ژن و منداڵ و مرۆڤی پەککەوتە و ێرانکردنی گوند و کێڵگە و ئاگربەردانە ماڵ و کێڵگە و کۆشتنی بە کۆمەڵ و زیندە بەچاڵ کردنی کوردان. دیاردەی توند و تیژی دوور لە خواستی جەماوەری فراوانی خەڵك رۆژ لە دوای رۆژ دەبوو بە بەشێك لە ژیان و کۆمەڵگەیەکی نەخۆشی هێناوە کایەوە. لە گەڵ هاتنی بەعسدا هەوڵی لە قاڵبدانی کۆمەڵگە و سەپاندنی رۆحی میلیتاریزم کە لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی عیراق و ئێراندا گەیشتە ترۆپك کاتێ رۆژانە لە سەر ئێکرانی تەلەفزیۆنەکان دیمەنی سەدان لاشەی شێواو و دەس و پێ پەریو و پارچە پارچە کراو پیشان دەدران. ئەم دیمەنانەو توند و تیژییەکانی بەعس بارێکی دەروونی وای ساز کرد کە رێژەیەکی زۆری خەڵك ئامادە کرابوون بۆ بەشداری کردن لە کاری توند و تیژیدا. ئەوانەشی کە ئامادە نەبوون بەشداری لەو کردەوانە بکەن ئەوا ژیانی خۆیان و کەس و کاریان دەخستە مەترسیەوە. بەو شێوەیە درەندەیی و هەستی رق و کینە و قانوونی جەنگەڵ باڵی رەشی بە سەر کۆمەڵگەدا کێشا و مەودای ژیانی شارستانی و کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی ترسناك بەرتەسك کرایەوە (٢١).

لایەنی دووەمی کردەوەی رەشەکوژی پەیوەندی بەو گرووپەوە هەیە کە دەکرێ بە ئامانجی کردەوەی جینۆساید و بریار دراوە لە نێو ببرێ، کە لێرەدا کوردە. ئەم گرووپە دەبێ لە بەر چاوی بکوژەکاندا سوك بکرێ و وەکو کۆمەڵێ مرۆڤی بێ کەڵك و بێ خێر و دواکەوتوو کە لە توانایاندا نیە هیچ شتێکی گرنگ بە مرۆڤایەتی پێشکەش بکەن پیشان بدرێن بۆ ئەوەی هیچ هاوسۆزی و هاودەردیەك لای مرۆڤ کوژەکان بەرامبەریان نەمێنێ و بەزەییان پیاندا نەیەتەوە. کاتێ مرۆڤکوژان هەست دەکەن ئەوانەی کە دەبێ بیان کوژن لە مرۆڤی ئاسایی کەمترن، ویژدانیان ئازاریان نادا و لە لایەنی دەروونیەوە هەست بە نارەحەتی زۆر ناکەن. عەلی حەسەن ئەلمەجید لە کۆبوونەوەکانیدا لە گەڵ مرۆڤکوژەکانیدا هەوڵدەدا کورد ئەوەندە سوك و بێ کەڵك پیشان بدا کە هیچ بەزیی و هاوسۆزییەك لە بکوژەکانیاندا نەجولێنن کاتێ دەڵێ ( (ئەم بزنانە چی لێبکەم .... ئەم تێکدەرانە چۆن لە نێو ببەم بە بلدۆزەر دەیانخەمە ژێر خاکەوە .... ئەمانەن ئێوە لێیان دەترسان کێ هەیە شتێ بڵێ ؟ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ؟ دەیانگێم وئەوانەش دەگێم کە گوێیان لێدەگرن .... . پازدە رۆژ بە کیمیاوی لێیان دەدەم نەك یەك رۆژ .... . وەك مریشکیان لێدەکەم کە جوجەڵەکانی بخاتە ژێرباڵێوە.... . بۆ رێگەیان بدەم وەك کەر کە هیچ شتێ نازانێ لەوێ بژێن ؟.... گەنمیانم ناوێ کشت و کاڵ و تەماتە و بامیە و خەیاریانم ناوێ .... . ئێمە داوامان لە مووسڵ کرد کوردەکان رەوانەی چیا بکەن با وەك بزن بژێن .... . ژنەکانیان خراپ بکەن .... . سەریان پان دەکەمەوە ئەم سەگانە سەریان دەهارم .... وەك خەیار لەت و پەتیان بکەن. من دەمگوت لەوانەیە چەند کەسێکی چاکیان تێدا پەیدا بێ، چونکە ئەوانیش هەر میللەتی ئیمەن بەلاّم قەت پیاوێکی باشم تیاندا بەدی نەکرد. (٢٢) ئەم وتە رەگەزپەرستیانەیە کە هەموو هاودەردی و هاوسۆزییەکی لە دڵی مرۆڤکوژاندا بەرامبەر بە قوربانیەکانیان دەکوشت و زەمینەکی لە باریان بۆ ئەنجامدانی رەشەکوژی ئەنفال رەخساند.

سەیر لەوەدایە ئەم ئەلمەجیدە کە بەو چاوە سوکە سەیری کورد دەکا و بەو دڵرەقی و بێ بەزییانەوە دەیان هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی لێ زیندە بەچاڵ کردن، بەزەیی بە ژنێکا دێتەوە لە فیلمێکی سینەمادا. لەم بارەیەوە دەڵێ ( (من بۆ خۆم کاتێ سەیری فلیمێکی تراژیدی دەکەم دەگریم. رۆژێك گریام کاتێ لە فلیمێکدا ژنێك گوم بووبوو و لە خێزانەکەی دابرابوو) ) بەلاّم بە کوشتنی سەدان هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد ئەوەندەی سەرە دەرزییەك ویژدانی ئازاری نادا و دەڵێ ( (بەلاّم سوورم لەسەر ئەوەی کردم و دەبوایە بیکەم) ) (٢٣) . دەبێ چی دید و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیایەك بێ رق و کینە و ئاڵۆزییەکی دەروونی وا لە لای کابرایەکی وەکو ئەلمەجید پەیدا بکا، کە فلیمێکی سینەمایی سۆزی بجولێنێ و بهێنێتە گریان، بەلاّم لەنێوبردنی سەدان هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کورد بە

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

مایەی دڵخۆشی و سەربەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی بزانێ ؟ ئەمەش بۆ خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاوازەکانی زانستی سیاسەت و کۆمەڵناسی و دروونناسی هەیە.

بە چاوی سووك سەیرکردنی گەلی ژێردەستە و هۆنینەوەی نوکتەی گاڵتە پێکردن و چیرۆکی رەگەزپەرستیانە لە سەر ئەندامانی ئەو گەلە و پیشاندانیان بەگێل و نەفام دەتوانێ زەمینەیەکی وا بخولقێنێ کە لە سێبەریدا تەڤکوژی روو بدات. هەڵبەتە دەبێ یەکسەر ئەوە بڵێم کە لە باری ئاساییدا نوکتە گێڕانەوە لە سەر یەکدی لە نێوان گەلانی دراوسێدا و تەنانەت دانیشتوانی نێوچەی جیاوازدا کارێکی ئاساییە، بەلاَم کاتێ نوکتە و چیرۆکەکانی گەلی سەردەستە دەبێتە ئامرازێك بۆ سوك کردن و بە گێل و نەفام پیشاندانی گەلی بن دەست، ئەو کاتە دەبێتە ئامرازێکی چەوساندنەوە و روشاندنی هەستی نەتەوەیی و کاردانەوە و تەنانەت هۆی رق و کینە لە نێوان خەڵکدا. هەر لە بەر ئەوەیە لە زۆر لەولاَتانی دیموکراتی و دەوڵەتانی قانوندا هەموو ئەو نوکتانەی سوکایەتی بە گرووپێکی نەتەوەیی یا ئایینیی یا کۆمەلاَیەتی دەکەن بە هێزی قانون قەدەغە دەکرێن و ئەوانەی دەیگێڕنەوە سزا دەدرێن. بە پێچەوانەوەی ئەمەوە تەنانەت ئەدەبی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی گەلانی سەردەستەی رۆژهەلاَت پرن لە پەند و نوکتە و بیر و بۆچوونی رەگەزپەرستانە کە سوکایەتی بە کورد و گەلانی دی بندەست دەکەن.

دەوڵەت و رێکخراوی سیاسی لە کۆمەڵگەی داخراودا دەتوانن بە رێگەی پروپاگەندەدا ئەو وێنەی دەیانەوێ بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن. بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عیراق کورد وەکو گێرەشێوێن و یاخی بوو، خۆفرۆش، گێل، دواکەوتوو .... تاد وێنەی کێشراوە، ئەم وێنەیە نەك تەنها لای عەرەبە عیراقییەکان بەڵکو لە لای زۆر لە عەرەبی ولاَتانی تریش تاوەکو ئێستا و دوای ئەو هەموو تاوانکاری و کارەساتانە هێشتا لە ئارادایە. لە نێو رۆشنبیرانی عەرەبدا خەڵکی وا پەیدا دەبن کە باسی هەڵەبجە و ئەنفال بە هەوڵێکی کورد بۆ بەهۆلۆکۆست کردنی دۆزی کورد لە عیراق لە قەڵەم بدەن (٢٤) .

زۆر راستیان کردووە ئەوانەی دەڵێن شیعری شاعیران و لێکدانەوەی نووسەران و وتەی گوتەبێژان دەتوانن زەمینە خۆش بکەن بۆ رەشەکوژی و جینۆساید.

لە پروپاگەندەی رژیم و دەزگاکانی راگەیاندنیدا بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بە دژایەتی کردنی بەرژەوەندییە بالاَکانی گەلی عیراق و نەتەوەی عەرەب تاوانبار دەکرێ. هەمیشە بە هۆی سرکردنی هێزی سوپای عیراق دادەنرێ، بۆیە ئەو سوپایە ناتوانێ بە وتەی ئەوان ( (ئەرکی نەتەوەیی خۆی لە دژی ئیسرائیل بە جێ بێنێ) ) . رابەرانی کورد و سەرکردایەتی سیاسی ئەو بزاڤە هەمیشە بە پیاوی بیانی، خۆفۆش، هەڵخەڵەتا و خەنجەری ژاراویی دوژمن .... . تاد لە لایەن رژێمەوە پێناسە دەکرێن. ئەم پروپاگەندەیە دەبێ لە سەر ئاستی سیاسی پاکانە بۆ هێرشی وێرانکەر بۆ سەر کوردستان و قەلاَچۆ کردنی گەلەکەی بکا.

مخابن مۆدێرنیتە و تکنۆلۆژیای سەربازی و مەدەنی پێشکەوتوو مەودا و سنوورەکانی کردەوەی رەشەکوژیان لە جاران زۆر فراوانتر کردووە. ئەوەی ئەورۆ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و ئاتۆمی و فرۆکە و تانك و تۆپ و سوپای مۆدێرن دەتوانن بە سەر گەلانیدا بێنن لە گەڵ تواناکانی سەردەمەکانی پێشوودا قایلی بەراورد کردن نین. هەروەها دەزگا و رێکخراوی دەوڵەتی مۆدێرن دەتوانن هەموو کەرەستەکانی پلاَن دانان بۆ قەلاَچۆکردن مەیسەر بکەن. دتوانن زۆر بە وردی ئەندامانی ئەو گرووپەی کە بریارە لە نێوبرێن دیاری و دەستنیشان بکەن و هەموو ئامێر و کەرەستەی لە نێوبردنیان بخەنە بەردەست مرۆڤکوژان. دەزگای ئاسایشی ترسناك و زەبەلاح و دەزگا تایبەتییەکان ئەرکی پاراستنی نهێنی ئەنجامدانی رەشەکوژی دەبینن و تا پێیان بکرێ شوێنەوارەکانی ون دەکەن. رژێمی بەعسی عیراق بە سامناك ترین شێوە کەڵکی لە پێشکەوتنی تکنۆلۆجی سەربازی و پارەی نەوت و تۆری سیخوری و ئاسایش و سوپای زەبەلاحی عیراق و پەیوەندییە نێونەتەوەییە بە هێزەکانی وەرگرت بۆ لە نێوبردنی سەدان هەزار مرۆڤی کورد بێ ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کاردانەوەیەکی ئەوتۆ پیشان بدات (٢٥) .

مۆدێرنیتە و پێشکەوتن بۆ خۆیان گوناهبار نین لەوەی مرۆڤ چۆن دەرهاویشتە و ئەنجامەکانیان بەکاردێنێ. خۆشبەختانە هەر ئەو پێشکەوتنە تکنۆلۆژیایە کە دەتوانێ پەردە لە سەر کردەوەکانی رەشەکوژی رامالێ و هەواڵەکانی بە جیهان بگەیەنێ وەکو جاران بە نهێنی و بە شاراوەیی نەمێنێتەوە.

*******

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

له ڕێگەی لێکدانەوەی هۆکارەکانی ئەنفالەوە، بەتایبەتی ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە ئەنجامدەرانی ئەم ڕەشەکوژییەوە هەیە، دەتوانین ئاماژە بەم چەند ئەنجامەی خوارەوە بکەین :

١. هێشتا لە کردەوەی ئەنفال بە شێوەیەکی زانستیی و هەمە لایەنە نەکۆڵراوەتەوە و لە سەر ئاستی نێونەتەوەییش ئەم کارەساتە نەناسێنراوە و نەتوانراوە کەڵکی لێوەربگیرێ. .

٢. لە گۆر هەموو پێوەر و پێوانەکانی قانونی نێودەوڵەتیی کردەوەی ئەنفال کردەوەیەکی جینۆساید و پێویستە لە سەر ئەم بناغەیە هەڵس و کەوت و مامەڵەی لە تەکدا بکرێ.

٣. بیری ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستی بالادەست ڕۆڵێکی زۆری بینیوە بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ کارەساتی ئەنفال، بۆیە دەبێ بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد و هەموو هێزە دیموکراتییەکانی عیراق خەباتێکی سەخت لە دژی ئەو ئایدیلۆجیایە بکەن و ڕێگە نەدەن لە عیراقی داهاتوودا هیچ پێگە و جێگەی هەبێ.

٤. ئەنفال بەرهەمی دەسەلاتی تۆتالیتاری و کۆمەڵگەی داخراو و تۆقێنراوە ودەزگا و تۆری نهێنیی و سیخوریيە. لە سێبەری کۆمەڵگەی مەدەنی و کراوە و سیستەمی دیموکراسیدا قەت مەودا و مۆڵەت بۆ کردەوەی لە جۆر ئەنفال و ڕەشەکوژی دی پەیدا نابێ. ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕۆشنبیرانی کوردە هەموو هەوڵێ بدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراسی و ئازاد وکراوە لە عیراقدا بێتە کایەوە و جێگەی خۆی بگرێ.

٥. ڕژێمە دژە مرۆڤییەکان دەتوانن ئەنجام و دەرهاویشتەکانی مۆدێرنیتە و پێشکەوتنی تکنۆلۆژی بۆ وێرانکردن و ڕەشەکوژی بەکاربێنن بۆیە نابێ کۆمەڵگەی جیهانی ڕێگە ئەو ڕژێمانە بە شێوەیەکی ڕەها و بێ چاودێری کەڵکی لێوەربگرن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

(ئەم باسە لە کۆنفرانسی ئەنفال لە نیسانی ٢٠٠٢ لە هەولێر پێشکەش کرا) .

١. بڕوانە : گۆڤاری ( (ئەنفال) ) ، ژمارە ١، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١٧٩-١٨٠.

vert. uit Engels، 2000، p. 4 ،2. R. G. Grant، Praten over Genocide

٣. بۆ دەقی پەیماننامەکە بڕوانە :

Convention On The Preventation and Punishment of the Crime of Genocide. UN documents 1948، P. 41

هەروەها بڕوانە : د. مارف عومەر گوڵ جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ئەمستەردام ١٩٩٧، ل ١٥.

٤. Genocide In Iraq - The Anfal Campaign Against the Kurds، Middle East Watch، A division of Human Rights Watch، New York 1993.

شایانی باسە ئەم کتێبە بە کوردیش بلاوکراوەتەوە. بڕوانە:

عیراق و تاوانی جینۆساید – شالاوی ئەنفال دژی کورد، ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ / خۆرهەلاتی ناوەراست، جەمال میرزا عەزیز کردوویە بە کوردی، بەرلین ٢٠٠٠.

٥. Raul Hilberg، The Destruction of the European Jews، New York، 1985.

٦. بۆ نموونە تاوەکو ئێستا لە چەند کۆڕ و چاوپێکەوتنێکدا مارتین فان براونسیني هۆڵەندی ئەم بۆچوونەی دەربڕیوە. لە هەشتاکاندا گەلێ سیاسەتمەدار و نووسەری ئەورووپایی و ئەمریکایی گومانیان لە هەواڵەکانی ڕەشەکوژی و کیمیابارنی کورد لە عیراق دەکرد وەکو میلتۆن ڤیۆرست و ئەدوارد سەعیدی ئەمریکی بە ڕەگەز فەلەستینی. لەم بارەیەوە بڕوانە :

Khaled Salih، Anfal : The Kurdish Genocide in Iraq، in (Digest of Middle East Studies) ، vol. 4 no. 2، 1995. P 24-39

٧. د. علی کریم سعید، عراق ٨ شباگ ١٩٦٣: من حوار المفاهیم الی حوار الدم. مراجعات فی ژاکره گالب شبیب، بیروت ١٩٩٩، ٢٤٧.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

٨. نفس المصدر السابق.
٩. . ڕەنگێ زۆر کەس دژی ئەوە بێ کە زاراوەی کەمینە نەتەوەیی بۆ گەلێکی وەکو کورد بەو ژمارە زۆرە بەکاربهێنرێ، کە ئەمەش بۆ خۆی ڕاستە و لە کوردستاندا کە ولآتی کوردانە کورد لە گەڵ هەموو هەوڵەکانی شێواندنی باری دیموگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانیدا هێشتا زۆرینە پێکدێنێ. بەلآم لە باری زانستییەوە کەمینەی نەتەوەیی ئەو گەل و نەتەوانە دەگرێتەوە کە لە مافی بەشداری کردندا لە دەسەلآتی سیاسی و ئابوری و دارایی و سەربازی ... تاد ولآتدا بێبەش کراون. بەم واتایە کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە خراپترین شێوە لە هەموو دەسەلآتێك بێبەش کراوە. ئەو گەل و نەتەوانە تەنانەت ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانیش پێك بێنن بەلآم لە دەسەلآتی سیاسی و ئابوری ...تاد پەراوێز کرابێتن هەر بە کەمینە دەژمێردرێن بێ وەکو عەرەبی شیعە لە عیراق کە زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پێکدێنن بەلآم لە دەسەلآتی سیاسی و ئابوری و سەربازی و بەڕێوەبەرایەتی بێبەش کراون بۆیەکا بۆ ئەوانیش لە ئەدەبیاتی سیاسی جیهاندا زاراوەی کەمینە بەکاردەهێنرێ.
١٠. لە کاتی خۆیدا ئەم بۆچوونانەی سەددام حوسێن لە ژمارە ١٣ گۆڤاری (کادر) دا بەرپەرچ دراونەتەوە. لەم بارەیەوە بروانە : شەرەفێ ئەشیری، کێشەی کورد لە عیراق لە حەفتاکان و هەشتاکان، مۆسکۆ ١٩٨٩، ل ١٩ (بە زمانی رووسی)
١١. بۆ زانیاری زیاتر لە مەر دید و بۆچوونی ناسیۆنالیستانی توندڕەوی کاربەدەست بروانە: منذر الموصلي، عرب وأكراد، بيروت ١٩٨٦ و : الحياه السياسيه و الحزبيه في كوردستان – رؤيه عربيه لـلقچيه الكرديه، لندن ١٩٩١.
١٢. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیە بروانە – الدكتور جورج شرف، من روسيا ... حتى كاراباغ، صراع القوميات في دول ئسيا الوسگى والقوقاز، مركز الدراسات الأرمنيه، بيروت ١٩٩٨، ص ص ١٥ – ١٨.
١٣. بروانە : نزعه العروبه في العراق – ماريون – فاروق سلكيت و بيتر سلكيت، گۆڤاری الپقافه الجديده، العددان ٨ – ٩، السنه ٤٠، ١٩٩٣– اذار ١٩٩٤. ص ٨٦ – ٨٧) .
هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بروانە :
Marion Farouk- Sluglett and Peter Sluglett، Iraq since 1958، London 1987.
١٤. سامي زبيده، نزعتا القوميه العربيه والأسلام السياسي في المنگقه، الپقافه الجديده، (ندوه : النزعه القوميه، الدوله، الأمه و الدين) ، الپقافه الجديده، نفس العدد السابق، ص ٨٠
١٥. . بروانە : زهير الجزائري، الجهاز الأمني و تأگير المجتمع العراقي – الدائره الزرقاو .... . الدائره الحمراو، الپقافه الجديده، العددان ٢–٣، ١٩٩٥، ص ٩– ٢٦) . هەروەها بروانە:
Samir al Khalil، Repiblic of Fear، University of Californiya Press، 1989.
١٥. R. G. Grant، ibid، P. 33
١٦. لە گۆر ئاگادارییەکانی من مامۆستاکانی زانکۆی مووسڵ کە من بۆ خۆم لەوێ مامۆستام و بە هەڵکەوت ئەو ڕۆژە نەچووبوومە سەر کار، لە نیسانی ١٩٨٨ بران بۆ دەرو بەری دۆکان بۆ پاراستنی هێڵەکانی پشتەوەی بەرەی شەڕ و ڕەنگێ تاوەکو ئێستاش زۆریان نەزانن کە بێ ئەوەی بیانەوێ بەشدارییان لە کردەوەیەکی تەڤکوژیدا کردووە.
17. R. G. Grant، ibid، P. 33
18. Ibid، P. 34
19. Ibid، P. 34
٢٠. ڕەنگێ ئەو چیرۆکەی کە تەیمور دەیگێڕێتەوە لە بارەی ئەو سەربازەوە کە ناچار کرا بوو تەقەی لێبکا و فرمێسك لە چاویدا قەتیس مابوو نموونەیەکی بەرچاوی ئەو بارە دەروونیە بێ کاتێ مرۆڤ ناچار دەکرێ لە دژی خواست و ئارەزووی خۆی منداڵ و ژن و خەلکی سیڤیل بکوژێ لەم بارەیە بۆ زانیاری زیاتر بروانە :
Kanan Makoya، Cruetly and Silence : war، tyranyy، uprising، and the Arab World، London 1993.
ئەم کتێبە کراوە بە عەرەبی لە ژێر ناونیشانی ( (القسوه و الصمت) ) .
ئەو چاوپێکەوتنەی کەنعان مەکیە لە گەڵ تەیموردا کراوە بە کوردی و لە گۆڤاری (ئەنفال) ، ژمارە ١، بلاوکراوەتەوە. هەمان سەرچاوە، ل ١١٧ – ١٣١.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
09/07/2003 20:10

٢١. بۆ ئەم وتانە و گەلێ وتەی تری لەو جۆرە براوانە :

Genocide In Iraq، P 347-353

22. Ibid، P. 353

23. Ibid

٢٤. نووسەرێکی عیراقی بە نێوی سەلیم مەتەر ئەم دید و بۆچوونانەی لە سەر لاپەرەکانی رۆژنامەی (الفدس العربی) بلاّوکردەوە و دکتۆر جەمال نەبەزیش لە هەمان رۆژنامەدا وەلاّمی داوەتەوە.

٢٥. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پەیوەندی مۆدێرنیتە و رەشەکوژی بروانە :

Zygmunt Bauman، Modernity and the Holocaust. Cambridge 1989.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org